# کتێبەکەی سەڵاحەدین: لێکۆڵینەوەیەکی خەلدونیانە

**نووسینی: ئەحمەد سەعید ئیقبال و محەمەد عاسف**

**سەرچاوە:** http://dx.doi.org/10.31703/glr.2020(V-IV).01

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی  خدر**

**ئەبستراکت:**

کتێبەکەی سەڵاحەدین، گێڕانەوەیەکی میتافیکشنانە(ئەودیو خەیاڵکردەی)ی تاریق عەلییە لەبارەی گرتنەوەی قودس لەلایەن سەڵاحەدینی ئەیوبی و هەروەها سەرهەڵدانیماڵباتی ئەیوبییەکان. تاریق عەلی لەو بڕوایە دایە، کە دەستبەربوونی پاڵپشتی خێڵەکی(العصبیة/دەمارگیری) و نمایشکردنی باشترین توخمگەلی شارستانێتی موسڵمان (العمران/ئاوەدانی)، وای لە سەلاحەدین کرد بنەماڵەی ئەیوبی بگەیەنێتە ئەوپەڕی مەزنایەتی خۆی. کەتنی کریسیتیانەکان و هەڵسانەوەی موسڵمانەکان لە سووڕێکی دەورانی خۆیدا ڕوویدا، تیۆری سووڕی دەورانی ئیبن خەلدونە بە سەرهەڵدان و ڕوخانی شارستانێتی لە کتێبی موقەدیمەی خۆیدا ڕێک لەگەڵ چوارچێوەی تیۆری ئەم لێکۆڵینەوەدا دێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو ڕوانینە ئەوروپییە بۆ مێژووی شالاوی خاچدارەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەدوای ئاراستەی هەنووکەیی کێشە کۆمەلایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی ناویندا دەڕوا. ئامانجی ئەم نووسینە ئەوەیە، بۆ گەیشتن بە ئاشتی جیهانی لەسەر کریستیان و موسڵمانەکان پێویستە خۆیان لە ڕەگوڕیشەی بەیەکدادانە مێژوویە خوێناوییەکان ڕزگار بکەن، بەتایبەتیش لە یادەوەرییە بەژان و بەسوێکانی شالاوی خاچدارەکان.

**پێشەکی:**

بەڕەهاییەوە ئاوابوونی خۆری دەوڵەتێک سەرهەڵدانی یەکێکی دیکە دەگەیەنێ، هەروەها تاریق عەلی بەگیانی قۆناغی دوای کۆلۆنیالییەوە ئەم داستانە مێژووییە، کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨) وەک پەیوەندییەکی دووسەرەی نێوان دوو گەورەشارستانیەتی جیهانی، واتە کریستیان و موسڵمان نووسیوەتەوە. لەمەشدا تەکنیکی مێژونووسانەی پۆستمۆدێرنانەی ئەودیو خەیاڵ(میتافیکشن)ی بەکارهێناوە، لەمەشیاندا تاریق عەلی پارسەنگدانەوەی کەوتنی موسڵمانەکان لە ئیسپانیا لەگەڵ گرتنەوەی ئۆرشەلیم و دەرکردنی کریستیانەکان لە ساڵی ١١٨٧ لەسەر دەستی سەڵاحەدینی ئەیوبی هێناوەتەوە. کەوتنی موسڵمانان لە ئیسپانیا بەشێوەی وەرچەرخانێکی مێژوویی لەگەڵ

سەرهەڵدانی ماڵباتی ئەیوبییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هێناوەتەوە. نووسەر ڕوخان و سەرهەڵدانی شارستانییەکانی لە نموونەی سووریکدا دانەوە، کە هێمای کەوتنی خەلافەتی فاتیمی و عەباسی و پاشان سەرهەڵدانی موسڵمانەکان لای عوسمانلی تورکیا. دیسان وتاری ئەوروپییانە لەبارەی کلتوری ئیسلامی وەک ئەوەی شتێکی جێگیر و دژەمۆدێرنە لەڕێگەی جیاکردنەوەی ڕۆشنگەری، ڕۆشنبیری و موسڵمانی پاکوخاوێن لەگەڵ کریستیانی بەربەری و پیس و ئسولی ڕووبەڕووکراوەتەوە.

مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشاندانی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامییە، ئەوسا چ لە ڕابردوو بێ یان ئێستادا، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕوانینی ئیبن خەلدونە بۆ هێز (عەسەبیەت/دەمارگیری/پاڵپشتی) و عیمران (ژیاریی/ئاوەدانی). هەر بۆیە تیۆری سووڕی بازنەیی لە سەرهەڵدان و ڕوخانی شارستانیەت لەسەر گۆشەنیگای تیۆرییانەی موقەدیمە بەناوبانگەکەی ئیبن خەلدون هەڵهێنجراوە. خۆی ئەوە تێبینی کراوە، هەر کاتێک موسڵمانان یەکێتیی کۆمەڵایەتییانە خۆیان یان هاوپشتی(عەسەبیەت/دەمارگیری)یان لەدەستدابێ، هەروەها باوەڕیشیان بە گیانی ژیاریی ئیسلامی (عیمران/ئاوەدانی) لەق بووبێ و بووبنە سێکیولار و لیبرال و بەسەر خۆیاندا دابەش بووبن، ئەوا بە ئاسانی لە لایەن شارستانی دیکەی بەهێزی هاوپشتی (دەمارگیری) و (ئاوەدانی)یەوە، کە بەزۆریش کریستیانەکانن، تێکشکاون و بەسەریاندا زاڵ بوونە. مێژوو بەگوێرەی ئیبن خەلدون بە سووڕێکدا دەڕوا، کە هەموو پاشا و ماڵباتە حوکمڕانەکان وەک ئۆرگانێکی زیندوو لەنێو بازنەکەدا خول دەخۆن. ئەوان بە ڕێگایەکی سروشتی لەدایک دەبن و دەمردن هەروەک ئەوەی چۆن لە ژیانی بوونەوەرێکی زیندوودا ڕوودەدا. هەموو هێزێکی سەردار (سەروەر) لە بەراییەوە لە ژیارییەکی ڕەوەندانە(کۆچەرییانە) سەرهەڵدەدا و بەپێی کات بەهێز دەبێ؛ هەرچەند پاڵپشتی (دەمارگیری) لەنێوان ئەندامەکانی خۆی زیاتر بێ، ئەوا بەگوڕتر دەبێ تا دەگاتە دامەزراندنی ژیارییەکی سەقامگیر و یەکڕیز و پێگەیشتنی خۆی مسۆگەر دەکا. پاشان لە دوا قۆناغی ئاوەدانیی (ژیاریی) خۆیدا لاواز دەبێ و لەباریەک هەڵدەوشێ، ئەمەش لەبەر ناتەبایی خۆیان بەوەی شتی خۆشگوزەرانی (لوکسە و کەمالیات) بەسەریان زاڵدەبێ و لایەنی هاوپشتی دەمارگیرییان لاواز و زەبوون دەبێ، ئینجا لە لایەن هێزێکی دیکە، کە پاڵپشتی دەمارگیریی لەسەرهەڵدانداپە، تێکدەشکێندرێن و دەبەزێنرێن و قووتدەدرێن. ئەم سووڕە پێواژۆیەکە پێی دەڵێن سووڕی ئیبن خەلدونی.

کتێبەکەی سەلاحەدین (١٩٩٨)، نووسینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جدییە و کارێکی نۆستالگییانەی سادە نییە بۆ گێڕانەوەی ژیاننامەی سەرکردە مەزنەکەی موسڵمانان سەلاحەدینی ئەیوبی. تاریق عەلی "ڕۆژگارێکی یەکلاکەرەوەی دژواری" لە مێژووی پەیوەندی نێوان کریستیان-موسڵمانان (ئەمجارەیان لە ڕۆژهەلاتی ناویندا) لێگرتووە، لەوێدا خوێندنەوەی دژەئەورووپییانەی خۆی لەبەرانبەر خاچداران و ڕوانینی ئەورووپییەکان بۆ سەلاحەدین لە لایەک و گەمژایەتیی ژیاری موسڵمانایش لەلایەکی دیکەوە بۆ کردووە. کارە ئەودیو خەیاڵکردییەکەی (میتافیکشن)ی نووسەر ڕووبەڕووبوونەوەیە یان مێژوویەکی جێگرەوەی ڕووخانی ئۆرشەلیم و خاچدارانە بە ڕوانینی

موســـــڵمانانه، ئیدی بڕوای به وشـــــەکانی تیرمان Tyerman (١٩٩٨) هەیه بەوەی بانگەوازی خاچداران له ١٠٩٥ەوه دەسـتی پێکردووه و هێشـتاش کۆتایی نەهاتووه ( Tyerman 1998, p. 126). خەونی گەڕاندنەوەی ئۆرشـــــەلیم له دەســـــتی جوو لەســـــەردەمی پاش مۆدێرنەی جیهانی موسڵمانان بەستاوەتەوه به گێڕانەوەی کتێبەکەی سـەلاحەدین (١٩٩٨)، بەڵام به ڕەوشێکی مۆدێرنه لەم بەشـەی جیهاندا، بەتایبەتیش له ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لەو شـوێنەی مێژو خۆی دووباره دەکاتەوه ئەگەر بێت و سەلاحەدینێکی دیکه بێت و عەرەب لەژێر بەیداخی ئیسلامدا کۆبکاتەوه.

**نمایشێکی ئەدەبییانه**

یەکەمین بایۆگرافی سـەلاحەدینی ئەیوبی که له ڕۆژئاوا بڵاوکرابیتەوه به وێنەیەکی سـوارچاکیی و ڕۆمانتیکیانەی سـەلاحەدین، کتێبی مێژووی سـەلاحەدین بوو، که له ١٧٥٨دا له لایەن مێژونووسـی فەرەنســـی لویس مارین Louis Marin بڵاوکراوەتەوه. هەمان ئەفســـانەی جوامێری لەبارەی سـەلاحەدینەوه له لایەن مێژونووسـێکی دیکەی فرەنسـییەوه بەناوی میشـیو N J.F. Michaud له ١٩٦٦ەوه به ناونیشـــانی مێژووی خاچداران (١٨١٢–١٨٢٢) بڵاوکرایەوه. هەرچەنده مێژونووســـه فەرەنسییەکه بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـتی به مێژونووسـی کورد بەهائەدین ئیبن شـەداد (١١٤٥–١٢٣٤) و هەندێ سەرچاوەی دیکەی بەردەستی ئەوکات بەستبوو تا ئەوکاتەی وێنەیەکی ڕۆمانتیکی سـەلاحەدین له کتێبەکەی The Talisman (١٨٢٥) له لایەن مێژونووسی سکۆتلەندی سێر والتەر سکۆت Sir Walter Scott بڵاوکرایەوه، کەتێیدا تیشکی خستۆته سـەر گێڕانەوەی ئینگلیزییانه بۆ ئەفســـانەی جوامێریی ســـەلاحەدین له نزیکەی ســـەدەیەکدا. ئەو وێنه ڕۆمانتیکییه هەر له زەینی مێژونووسـانی سـەدەی بیسـتەمیشـدا مابووەوه، هەر بۆ نموونه وەک سـتانلی لێین پۆل Stanley Lane-Poole (١٨٩٨)، ڕێنێ گروسـت Rene Grousset (١٩٣٤) و ها.ئا.ر.گیب H.A.R. Gibb (١٩٧٣). ئەو مێژونووســـانه تیشـــکۆی هزریان خســـتبووه ســـەر ئەو هۆکارانەی ئاخۆ بۆچی ســـەلاحەدین جەنگاوەرێکی عەرەبی تەواو جیاواز بوو، هەروەها ئەو ســـەرکەوتنەکانی خۆی له ڕەگوڕیشـــه ڕەوەنـدایەتییه کوردییەکەیـدا و هەروەهـا له یەکخســـتنی خەڵکی عەرەب بەوەی هاوپشـتییەکی کۆمەڵایەتی تۆکمه لەژێر ئاڵای ئیسـلامدا پێکبهێنێ، دۆزیبووەوه. هەرچەنده له قۆناغی پۆسـتمێدێرنەدا مێژوونوسـان و ئەکادیمسـتانی وەک مالکۆلم لیۆنس Malcolm Lyons و داڤید جاکســن David Jackson ئەو نموونه ڕۆمـانتیکییەکان شـــکاند و ســـەلاحەدینیان وەک ســیاســەتوانێکی پراگماتی و ســتراتیژوانێکی لێهاتوو له کتێبەکەی خۆیان بەناوی ســەلاحەدین و ســـیاســـەتی جەنگی پیرۆز (١٩٨٤) نیشـــان دا. هەندێ وتاری بەدواداچوونی نوێش وەک ئەوەی ئاوێنەی سـوارچاکی Mirror of Chivalry : سـەلاحەدین له خەیاڵدانی ئەوروپییەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت (١٩٩٦) به قەڵەمی جۆن تۆلان John Tolan و ئەفسـانەی جوامێریی سـەلاحەدین له ئەدەبیاتی و مێژوناســـی ڕۆژئاوا (٢٠٠) له نووســـینی مارگرێت جەب Margaret Jubbدا خاڵی پۆسـتمۆدێرنانه بۆ ڕوانینی ئەفسـانەی جوامێری سـەلاحەدین دەخەنەڕوو، که ئێسـتا لەنێو بازنەی ئەکادیمییانەدا بووەته ڕوانینی ئەوروپیانه بۆ بابەتەکه.

لەگەڵ ئەوەشــدا لە وتاری ســیاســیانەی عەرەب-موســڵمانی گشــتیی جەماوەرییدا، ســەلاحەدین بەتەواوی بە ڕێگا و شــێوازێکی دیکە یاد دەکرێتەوە، واتە بە لێکدانەوەیەکی نوێ کە لەگەڵ ڕاســتییە مێژوویەکانیشدا دژیەکانەیە. وێنەی نوێی سەلاحەدین لە ئەدەب و سینەمادا وەها بەرهەمهێنرایەوە کە پاڵەوانێکی پان عەرەب-ئیســـلام-ییە بەوەی لەژێر کاریگەرییەکەی ئەودا ناســـیونالیزمی عەرەبی و ئامانجەکەیان کە ڕزگارکردنی فەلەســـتینە بێتەدی، بەگوێرەی ســـەیفۆSayfo (٢٠١٧)، زۆر لە سەرکردە و سەرانی موسڵمان هەروەک حازف ئەسەد (سوریا) ، سەدام حوسێن (عێراق) و یاسر عەرەفاتی فەڵەســتین خۆیان بە وێنەی خەیاڵاوی ســەلاحەدین گرێدەدایەوە. هەندێ لە توێژەرانیش گەنگەشەی شایستەبوونی وێنەی سەلاحەدین لە هزری سیاسیی مۆدێرنی عەرەبدا دەکەن، هەروەک کارۆل هیلنبراند Carole Hillenbrand، ئانا ماری ئێد Anne-Marie Edde و ئیمانۆئێل سیڤان Emmanuel Sivan. لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێداچوونەوەیەک بە سەلاحەدین لە ئەدەبیاتی مێژوویی پۆستمۆدێرنەدا لە خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی و ساتی هەنووکەییدایە، کەچی مەبەستە سەرەکییەکە لێی هەر ڕەنگدانەوەی باری ئێستایە.

میتـافیکشـــنی مێژوویی پۆســـتمۆدێرنەش زۆر بەتونـدی هۆگر و خۆشـــەویســـتی بۆ وێنە پاڵەوانەییەکەی سەلاحەدینین و شاڵاوی سێیەمی خاچداران و جەنگی حوتەین و کەوتنی ئۆرشەلیم (١١٨٧) لەدەست نەداوە و هەرگیزیش کۆتایی نەهاتووە، هەروەها لیستێکی دووردرێژی فیکشنیش هەیە بە چیرۆکەکانی سەلاحەدین و سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئەیوبی پەیوەستە. هەرچەندە میتافیکشنی ڕۆمانی مێژویی پۆستمۆدێرنە، گێرانەوە مەزنەکانی لەبارەی ســەلاحەدین و زنجیربەندی خاچداران لەبارەیەک هەڵدەوەشـــێنێ و چەندین ڕوانین و گۆشـــەنیگای لەبارەی ڕۆژگاری دەمارگیریی لە پەیوەندی نێوان کریســتیان و موســڵمانان دەهێنێتەگۆڕێ. ڕۆمانی پۆســتمۆدێرنی وەک جاک هایت Jack Hight ســێیەنەی ســەلاحەدین: هەڵۆ (٢٠١١)، شــانشــین (٢٠١٢) و جەنگی پیرۆز (٢١٣) دا تەواوی ســەچڵییە مێژووییە خوێناوییەکەی وەها وێنادەکا، چۆن ســەلاحەدین تەواوی عەرەبی لەژێر دەســەڵاتی خۆی یەکخستبوو، چۆن شــانشــینی کریســتیانیش شــیرازەی لەبارییەک ترازابوو، خۆیان لاواز و کلتورەکەشــییان وێران بووبوو. ســێیەنەکی دیکەی میتافیکشــن هی ڕۆماننووســێکی دیکەی بریتـانی ڕۆبن یەنـگ Robyn Young کە بریتین لە برایەتی (٢٠٠٦)، خـاچـدارەکـان (٢٠٠٧) و قوداس: کەوتنی شاسـوارانی پەیکەر (٢٠٠٨) پەردە لەسـەر دارمانی هێزی خاچدارانی کریسـتیانی و سەرەتای جەنگی نوێیان لەگەڵ ڕکابەرەکانیان هەڵدەداتەوە.

دوو لە ڕۆمانە مێژووییەکانی بریتانی دوابەدوای هێرشـیەکانی ٩/١١ گەڕاونەتەوە سـەر شـاڵاوی ســـێیەمی خاچداران و کەوتنی ئۆرشـــەلیم: ڕیچارد وارن Richard Warren بەناوی مەیدانی شـمشـێرەکانی باوەڕ (٢٠١٠) و کامەران پاشـا بەناوی سـایەی شـمشـێرەکان (٢٠١٠). هەردوو نووســەر تێگەیشــتنی خۆیان بۆ کێشــمەکێشــی پەیوەندییەکانی نێوان کریســتیان و موســڵمانەکان وردەکارانە لەبەر تیشکی ڕوانینی بەیەکدادانی شارستانییەکانی هنتگتۆن ڕوون کردوەتەوە. هەردوو ڕۆمانەکە ئەو گریمانە باوەیان ڕەتکردۆتەوە بەوەی شـاڵاوی خاچداران بە شـێوەیەکی سـەرەکی ئامانجی دینی لەپشتەوە بووە، ئیدی ئەوان ئەوەیان بینیەوە کە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیی و

خواســـتی کۆلۆنیالی هۆکاری فروانخوازێتی شـــالاوی خاچداران بووە. کامەران پاشـــا (٢٠١٠) لە ڕۆمانی ســـایەی شـــمشـــێرەکاندا، لەوە نیگەرانە و مایەی خەم و پرۆشـــی ئەوە بووە، کە کوشـــتنی زۆروزەوەند لەبن ناوی خوداوە کراوە (ل. ١٢٦). هەردووکیان فیلد و پاشـا جەخت لەسـەر وتەکانی ئەدوارد ســـەعید لە کتێبەکەی ڕۆژهەلاتناســـی (١٩٧٨) دەکەنەوە، بەوەی پەیوەندی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەلات پەیوەندییەکی زاڵ بووە (ئەدوارد ســـەعید ١٩٧٨ ل ٥). بەهەمان شـــێوەش ڕۆمانی جەنگاوەرانی خودا: ڕیچاردی شـێردڵ و ســـەلاحەدین لە شـالاوی سـێیەمی خاچداراندا (٢٠٠١) بە قەڵەمی ڕۆژنامەنووســـی ئەمریکی جێمس ڕێســـتن James Restonیش لە پۆســـتمۆدێرنەکانە، بەوەی جورج بوش لەدوای ١١ی ئەیلول نەیدەزانی چیدەڵێ کاتێ لەو بۆنەیەدا قســـە ســـووکەکەی دەربڕێ. شـەڕی خاچداران پەڵەیەکی هەرەڕەش و دڕندانەیە بە جەسـتەی مێژوویی پەیوەندییەکانی کریســـتیان و موســـڵمانان. زۆر کاری ئەدەبییانەی پۆســـتمۆدێرن، هەروەک میشـــێل ئەلێکســـاندەر ئایزنەر Michael Alexander Eisner بەناوی خاچداران (٢٠٠٣)، ڕۆمانی کچی لمی ســـارا بیرانت Sarah Bryant (٢٠٠٦)، ســـەلاحەدین: پاڵەوانی موســـڵمانانی جێفری هیندلی Geoffrey Hindley (٢٠٠٧)، جەنگی پیرۆزی ئانگس دۆنالد Angus Donald (٢٠١٠)، شـــێردڵی شـــارۆن پێنمان Sharon Penman (٢٠١١)، جادوبازەکەی پاشـای سیسـیلیا هۆلاند Cecelia Holland (٢٠١١)، حەجی سێت فریدمان Seth I. Friedman (٢٠١٢)، شێردڵی ستیوارت بینس Stewart Binns (٢٠١٣)، بێوەژنی خـاچـداری مـارگرێـت برازیر Margret Brazear (٢٠١٤) و گورگی خودای جێفری لی Jeffrey Lee (٢٠١٧)، هەموو ئەمانە سەروسەودایان لەگەڵ ژیان و کەسایەتی ســـەلاحەدین و ئەو بەیەکدادانە توند و دڵڕەقانەی شـــەڕی خاچدار و موســـڵمانان و جیوازییە فەرهەنگییەکەی نێوانیان بووە.

هەر بەهەمان شـێوەش ڕۆمانەکەی تاریق عەلی بەناوی کتێبەکەی سـەلاحەدین (١٩٩٨) پێدەچی لە باشـترین ڕۆمانی پۆسـتمۆدێرن میتافیکشـنی مێژوویی بێ، هەر بەڕاسـتیش بووە بابەتی هەندێ لە ئیمتیازی خوێندکاری زانکۆکان. توێژەران و بەدواداچووانی وەک ئەحمەد جەمال (٢٠١١)، ڕۆبین ویکاندەر Robin Wikander (٢٠١٣)، وەسـیم حەسـەن مەلیک (٢٠١٤)، داڤید واتەرمان David Waterman (٢٠١٦) و کـانـتـیـا ئەدەبـپـور Qanita Abedpour (٢٠١٨) بەدوای تـیـۆری ئەنترۆپۆلۆجی، فێمێنیزم، و ئیســـلامفۆبیا و هتد لەنێو ڕۆمانە خەیاڵکردەکانی تاریق عەلیدا گەڕاون، بەڵام بەهۆی ڕێبـازی دیکەی ســـەرهەڵـداوی دیپســـپلینـدار تـاقینەکراونەتەوە. هەر بۆیە، ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست هەوڵدەدا ئەو بۆشاییە ڕوانینی ئیبن خەلدونیانە و تیۆرییەکانی سەرهەڵدان و داڕوخانی شـــارســـتانییەکانی کریســـتیانی و ئیســـلامی بەگوێرەی گێڕانەوەی ڕۆمانی کتێبەکەی سەلاحەدینی تاریق عەلی بخاتەڕوو.

**چوارچێوەی تیۆری**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاریی چۆنایەتییە تێیدا تیۆری ئینن خەلدون بۆ سەرهەڵدان و دارمانی شاستانییەکان بەکارهاتووە، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی ئەلموقەدیمەدا هاتووە بەوەی دوو ڕوانینی ســـەرەکی تێدا دۆزراونەتەوە ئەوانیش: عەســـەبیەت/دەمارگیری (پاڵپشـــتی کۆمەڵایەتی) و عیمران/ئاوەدانی (ژیاری)یە. لێکۆڵینەوەکە دەرخەری سیاسەتی هۆشیاری مێژوویی ڕۆشـنبیریی تاریق عەلی نووســەرە بۆ کتێبەکەی ســەلاحەدین (١٩٩٨)، تێیدا پەردە لەســەر وتاری دژەئەورووپیانە لەبارەی مێژووی پەیوەندییەکانی کریســتیانی-ئیســلامی لە ســەدەی دوازدەهەمدا لادەدا. بۆ تێگەیشـتنی گشـتگیر بۆ ئەو میتافیکشـنەی ئاڵۆزە پۆسـتمۆدێرنە، کە لە بنەڕەتەوە لەسـەر بنەمای بەرڕەوتی مێژوویی و ڕۆشـــنبیرییدا هاتووە، پێدەچێ بۆ ئەمە شـــێوازی کاترین بێلێســـی Catherine Belseyمان بۆ شـــیکاری دەروونی بەکەڵک و زۆر گونجاو بێ. بێلێســـی لە کتێبی ڕێگـای لێکۆڵینەوە بۆ توێژینەوەی ئینگلیزی (٢٠٠٥) ڕاســـپـاردەی ئەوە دەدا، کە بۆ هەموو ئەو دەقانەی هەوڵدەدەن واتاکەی لە بەرڕەوتی ڕۆشـنبیری و مێژوویی بۆ بابەتە تێبگەن، ئەوا شـیکاریی دەق باشـترین کاری پەیوەسـتە پێیەوە. هەر بۆیە ئەو نموونەیەی بەردەسـت شـیکارییەکی دەقیی کتێبەکەی سەلاحەدینە، هی تاریق عەلی نووسەر (١٩٩٨( کە تیۆری ئیبن خەلدونی بەکارهێناوە، واتە مێژونووســە ناودارەکەی ســەدەکانی ناوەڕاســتی عەرەب لە ڕێی کتێبی ئەلموقەدیمە و کتێبەکەی هیچون Hutcheon لەبارەی شـاعیریەت لە پۆسـتمۆدێرنەدا: مێژوو، تیۆر و فیکشـن (١٩٨٨) بۆ میتافیکشـنی مێژوویی پۆسـتمۆدێرن. لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخا کە چۆن ئەم میتافیکشـنە کە تیدا دەقئاوێزانی و لاســاییەکی تەوســئامێزانە و داڕشـــتنەوەی ڕوانینی مێژوویی بۆ ئاشـــکراکردنی سیاسییەکانی هەروەک شیعرەکانی کلتوری پۆستمۆدێرنە بەکارهێناوە. بەگوێرەی هیچون بێ، ئەم جۆرە نووســینە مێژوویانە ڕێگە بە نووســەرەکەی دەدا بابەتەکە و ڕاســتیە مێژووییەکان ئازادانە پێشـکەش بکەن و بەکارهێنانی شـتەکەشـیان وەک ئامرازێکە بۆ دووبارە نووسـینەوەی مێژوو، کە چیدیکە هاوتەریب و بابەتییانە نیین (بڕوانە یچون ١٩٨٨ ل ٣٦). هەروەها تاریق عەلیش لە داســتانە مێژووییەکەی کتێبەکەی ســـەلاحەدین (١٩٩٨)دا ئـازادی تەواوی خۆی بەکـارهێنـاوە، هەموو ئامرازەکانی ئەدەبیاتی پۆســـتمۆدێرنەی لە دەقەکەی خۆی بەکارهێناوە تا ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ چەندین وردەکاریی واقیعی مێژووی ئیسلامی بکا.

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی ئەمانەی خوارەوەیە:

١- ئاخۆ بۆچی شـالاوی خاچداران لە قۆناغی سـێهەمی خۆیدا شـکسـتی هێنا و لە لێکەوتەشـدا ئۆرشەلیم لە ١١٨٧دا کەوتە بەردەستی سەلاحەدین؟

٢- ئاخۆ ســەلاحەدین چۆن توانی وەک بەهێزترین ســەرکردەی جیهانی ئیســلامی لە ســەدەکانی ناوەڕساتدا خۆی بنیات بنێ و ماڵباتی ئەیوبیش بگەیەنێتە لوتکەی شکۆ؟

٣- ئاخۆ چۆن تیۆرییەکەی ئیبن خەلدون یارمەتی تێگەیشـــتن لەپەیوەندی نێوان کریســـتیان-موســـڵمان دەدا و ئەو ڕوانگەیەی ئەو بۆ دەمارگیری (پاڵپشـــتی) و ئاوەدانی (ژیاری) لە فرەنیگایی پۆستمۆدێرنەدا جێگەیان دەکرێتەوە؟

بە گوێرەی ئیبن خەلدون بێ، مێژو بە هێڵێکی نموونەیی ڕاســتی ڕاکشــاودا ناجووڵێ. بەڵکو خول دەخوا و دەســەڵاتیش لەنێو ڕژێم و ئیمپراتۆریەتەکان لە هەڵچوون و داکشـاندان، هەڵبەتە بەگوێرەی کات سوور دەدا و دەخولێتەوە. ئیبن خەلدون لەو بڕوایدا بوو سـەرجەم ئیمپراتۆریەتەکان هەروەک ژیانێکی ئەندامی (ئۆرگانی) لەدایک دەبن و ڕێگای ســــروشـــتیانەی خۆیان هەیە. بەپێی ڕۆژگار سـەرهەڵدەدەن و پێدەگەن و هێزدار دەبن، هەروەها هەر بەگوێری ڕۆژگاریش لاواز و زەبون دەبن و لە دوا قۆناغی ئاوەدانیدا (ژیاریدا) هێزەکەیان لەدەســـت دەدەن و لەســـەر دەســـتی ڕژێمێک یان دەوڵەتێکی دیکە دەبەزێنرێین و دەڕوخێنرێن. دەســـەڵات و ســـەقامگیری هەر دەوڵەتێک یـان ئیمپراتۆریەتێک دوو توخمی داخوازە؛ دەمارگیرییەکی هەرەبەهێز (دەســـتەیەکی پاڵپشـــتی یان یەکانگیریی کۆمەڵایەتی) و پێناســـەیەکی تەوای ئاوەدانییش (گیانی بەکۆمەڵ یان ژیاریی). ئیبن خەلدون وەهای ســەیری دەمارگیری دەکرد (یەکانگیری کۆمەڵایەتی یان پاڵپشـتی) وەک هۆکارێکی بنگەیی بڕیاردەرە لەســـەر ســـەرهەڵدان و دارمانی شـــارســـتانیەت، هەروەها وەهاشــی دانابوو کە (دەمارگیری) توانســـتێکی ســـروشـــتی ئادەمیزادە. بەگوێرەی ئیبن خەلدون؛ هەموو تاکێک لەنێو کۆمەڵگەدا هەستی دەمارگیریی لەخۆدا هەڵگرتووە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خوێن و خزمی خۆی لە بەرانبەر هەر هەڕەشـــەیەک و ســـوکایەتیپێکردنێکی نەیار پێ بکا (بڕوانە ڕۆزنتال، بەرگی یەکەم ل ٢٦٣). هەر بۆیە دارمانی ئیمپراتۆریەتیک بەهۆی لاوازی و زەبوونی پاڵپشتی زۆر جار دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی یەکێکی دیکە، کە هەستی بۆ دەمارگیریی بەهێزترە.

پێکهاتەی دووەمی تیۆری ئیبن خەلـدون ئـاوەدانییە، کە واتـای شـــارســـتانیەت یـان گیـانی کۆمەڵبوون/کۆمەڵایەتی گروپێک بە واتا گشـتگیرییەکەی خۆی دەگەیەنێ. بە گوێرەی ئیبن خەلدون، بیرۆکەی ئاوەدانی (شــارســتانیەت) لەو کاتەدا پەیدادەبێ، کە خەڵکەکە بەیەکەوە بژیێ و بەیەکەوە کۆمەڵگە بنیات بنێ و بە هێزی سـەرکردایەتییەکەشـی دەوڵەتێکی بەهێز ڕۆدەنرێ، کە ئاوەدانییەکەی (شــارســتانییەکەی) بەهێزوگوڕ دەبێ و تێیدا دەگەشـێتەوە (بڕوانە ڕۆزنتال بەرگی یەکەم، ل ١٢٥). هەروەها ئیبن خەلدون ئاماژە بە ژیانێکی گریمانەیی بۆ سـەروەریی دەوڵەت یان یان شـارستانییەت بە نزیکەی ١٢٠ سـاڵدا دەکا، ئەمەش یەکسـانە بە ژیانی سـێ یان چوار نەوە (ڕۆزنتال، بەرگی ١ ل ٣٧٠-٣٧٣). هۆکاری کۆتایی هاتنی ئەو ژیانە گریمانەیەی شـــارســـتانیەتیش لاوازی بەرەبەرەی هەردوو توخمی دەمارگیری (هاوپشـتی) و ئاوەدانی (شـارسـتانیەت)ە. ئەم سـەرهەڵدان و دارمانەی شـــارســـتانێتی بە ســـووڕی خۆیدا دەڕوا، ڕێگە بۆ لەدایکبوونی کۆمەڵگەی دیکە خۆش دەکا و کۆنەکەش لەبەین نامێنێ، ئیدی ئەم سووڕە پێی دەڵێن سووڕی ئیبن خەلدون.

**شیکاری و گەنگەشە**

فەیلەســـوفی ئۆکســـفۆرد ئات گی کۆلینگوود R. G. Collingwood لە کتێبەکەی خۆی بەناوی بیرۆکەی مێژو (١٩٩٤)دا ئاماژەی بەوە داوە، کەوا هەردوولایان ، چ ڕۆماننووس و چ مێژونووس لە کارەکانی خۆیاندا کار بە خەیاڵ و ئەندێشـــە دەکەن، کەواتە "هەموو مێژو مێژوی هزرە (١٩٩٤ ل٢١٥). تاریق عەلیش لە سەرنجە ڕوونکەرەوەکەی خۆی لە ڕۆمانی کتێبەکەی سەلاحەدیندا (١٩٩٨) جەخت لەســەر بیرۆکەی کۆلینگوود بۆ مێژووی خەیاڵکردە دەکاتەوە و لەو بڕوایەشدایە هەرچەندە مرۆ شـــتی زیاتر لە دڵ و دەروونی کەســـایەتیەکان هەڵبهێنجێ، ئەوەندە بایەخی مرۆ زیاد دەبێ بەوەی دڵسـۆزیی ڕاستییە ڕووداوەکانی مێژوویی بێ. تاریق عەلی ئەم بیرۆکەیە لەســەر خاچداران پەیڕەودەکا لەوکاتەی بەزۆریش هەروەها بووە کە تۆمارنووســە کریستیان و موسڵمانەکان ڕاڤەی لەیەک جیاوازایان لەبارەی ئەوەی هەر بە ڕاســـتی ڕوویدابوو، پێشـــکەش کردووە. (تاریق عەلی، ١٩٩٨).

هەرچەندە وێناکردنی تاریق عەلی بۆ سەلاحەدین ئەوە نیشان دەدا، کەوا نەوەک هەر بەتەنیا خۆی گەورەترین پاڵەوان و فریادڕەس بووە بەڵکو وەک پاڵەوانێکی کورتهێنی نێوڕۆمانەکە خاڵی لاواز و بەهێزیشـی هەبوون و دیارکراون. لێرەدا وێنەیەکی پیاوێکمان بە شـایسـتەیی و ناشـایسـتەیی هەیە، پیاوێک خۆشـــەویســـتی و ڕقیشـــی هەبێ، هەروەها پیاوێک گومانی لەبارەی ژنەکانی خۆی و کارمەندەکانی بەردەستی خۆیشـی هەبێ. ئەم بەیەکگرتنەی مێژووی و خەیاڵکردەییە ئەو دەرفەتەی داوەتە دەست تاریق عەلی تا نیازە نۆژەنکراوەکانی خۆی بەشـێوەیەک نمایش بکا بۆ ئەوەی وێنەی تەوساوی سوڵتانە مەزنەکە وەها نیشان بدا، کە تەنیا یەک چاوی کارایە. کەسیش نازانێ ئاخۆ چۆن چاوەکەی لەدەست داوە، بەڵام خۆ ئەمەیان بابەتێکی گەلێک هەستیارە. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٤٧). لە شـوێنێکی دیکەدا ئیبن یاقوبی نووسـەرەکەی سـوڵتان وەها وێنای دەکا؛ "دیتنی ئەو بەو شـێوەیە، ئەو خێرا دەنوسـت، کەچی چاوە خراپەکەشـی بەتەواوی زەق بوو، ئەمەش ئەو سـەرنجەت پێدەڵێ کەوا بێدارە، سوڵتانێک کە دەبینێ. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٤٨). خۆی هەر تەنیا میتافیکشنی مێژوویی پۆستمۆدێرن دەتوانێ ئەو جۆرە زانیارییە ساختە و داتاشـراوانە زێدەباری نووسینەکەی بکا، ئاخر تاریق عەلی زۆر جاران ئەو گەمەیەی بە وشـە کردووە. لەوەش پتر، تاریق عەلی لە ڕێی کەسـایەتە ئافەریدکراوەکەی بەناوی شادی هەندێ ئەزمونی هەوەسداری تافی لاوی و کوڕوکاڵیی سوڵتان بۆ ئیبن یاقوبی نووســـەری ســـوڵتان گێڕاوەتەوە. شـــادی بە خەندەیەکی بەدخووانە ســـەرچڵییەکی بەدفەڕانەی سوڵتانی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ئیبن یاقوبی نووسەر گێڕاوەتەوە:

"ئیبن یاقوب، ئەو ژنێکی هەراش بوو، هەر بەلای کەمی دوو هێندەی کوڕوکاڵەکەمان دەبوو. باقی شـــتەکانی دیکە بەخۆت بێنە خەیاڵی خۆت. کاتێک ئەوان لە مەلەی خۆیان بوونەوە، خۆیان لەبەر خۆرەتاودا وشـک کردەوە، ئیدی ئەوکات ئەو جادوبازە سـواری سـەر کوڕەکەمان بوو، فێری کرد پیاو دەبێ چۆن بێ. ئیبن یاقوب، شـوکرانە هەر بۆ خودا باشـە، بەڵام ئەوان زۆر بێشـەرمانە بوون. لەوێ لەژێر ئاســـمانی شـــینی ســـاماڵ، لەبەر چاوی ئەڵڵا لە ئاســـمان، هەروەک ئاژەڵ جووڵانەوە. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٥٠).

بەهەمان شـێوە تاریق عەلی تیشـکی ڕووناکی خسـتۆتە سـەر "ناخی ژیانی کەسـایەتییەکان" و بە شێوازێکی میتافیکشنانە دانپێدانانی خودی سەلاحەدین و بە قسەی خۆی سەبارەت بە خۆشەویستی یەکەمین جاری بۆ نووسەرەکەی دەگێڕێتەوە و گوتوویەتی، کەوا ژنەکە دە ساڵێک لە خۆی گەورەتر بووە، لەوانەشە زیاتر. ئیدی ژنە خۆشییەکی زۆری بەخشیوەتە سەلاحەدین و فێری کردووە چۆن چێژ و خۆشـی لە جەسـتەی ژن ببینێ. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٦٨). هەندێک جار تەوسـائاسـا وەها لاسـایی سـوڵتانی مەزن دەکاتەوە بەوەی ببێتە نمایشـێکی مێژووییانەی جدی، ئەویش ئەو کاتەی دەنووسـێ گوایە سـەلاحەدین شـەرابی خواردووەتەوە لەکاتێکدا خواردنەوە لە کتێبە پیرۆزەکەدا حەرامکراوە. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٦٨).

هەرچۆنێک بێ لە ڕێی فرەدەنگی نێو ڕۆمانەکە و لە کۆتاییدا ژیانی گشـتی و تایبەتی سـەلاحەدین وەک کەسێکی هاوسـەنگ و بەشـێوەیەکی باشـی بڕواپێکراوی نێو چیرۆکەکە دەردەکەوێ. کاتێک لە ئیبن یاقوب دەپرسـێ ئاخۆ چۆن چیرۆکە جیاوازییەکانی تافی نەوجەوانی سـوڵتان بگێڕێتەوە، نووسـەر وەها وەڵامی سـەردارەکەی خۆی دەداتەوە؛ "خاوەنشـکۆ تۆ لەبارەی ڕاسـتییەکانەوە دەدوێی. هەرچی منیشـم لەبارەی مێژو. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٤٧). ئەمەش بیرۆکەی هایدن وایت Hayden Whiteمـان بیردەهێنێتەوە، بیرۆکەی ئەو لەبـارەی مێژو، کە هەروەک ئەدەبیـات وایە جۆرێکە لەگێڕانەوە و توانستی نمایشکردنی ڕاستییە مێژووییەکان و ڕووداوە ڕاستییە پڕ کێشـەکان (وایـت ١٩٩٥، ل ١٠٥). تـاریق عەلیش هەروەک خودی گێڕەرەوەی خۆی، واتە وەک ئیبن یـاقوب لایەنی توخمگەلی کەسـی و بـابەتی لە گێڕانەوەکەی خۆی لەیەکداوە و نمـایشـێکی ئازادانەی خەیاڵەکانیان خستۆتەڕوو.

### سەلاحەدین: ئامانجێکی مەزن، سەرکردەیەکی مەزن

هەرچەندە کتێبەکەی سـەلاحەدین ژیانی سـەلاحەدین بە گێڕانەوەیەکی میتافیکشـنی ئاڵۆزەوە دەگێڕێتەوە، لێ هێشـتا ڕۆمانەکە نمایشـی پەیکەری سـەرکردە مەزنەکە وەک بیچمێکی شـارسـتان و یەکخەرەوە دەخاتەڕوو. هەوڵ دەدا تا بکرێ سـەلاحەدین وەک ئادەمیزاد نیشـان بدا، لێ تاریق عەلی لە خاسیەتە مەزنەکانی سوڵتان کەم ناکاتەوە و وەک جەنگاوەرێکی مەزنی موسڵمانان نیشانی دەدا ، ئەو کەسـەی بە هێزو تێکۆشـان و ماندوبوونێکی زۆرەوە ئۆرشـەلیمی گرتەوە. خۆی ڤینس لۆمباردی Vince Lombardi (٢٠٠٣) لەسـەر حەق بوو کاتێ گوتی ئەو سـەرکردانە دروسـت ناکرێن بەڵکو لەدایک دەبن. ئەوان بە بە تێکۆشـانێکی سـەخت پەیدادەبن بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی مەزن لە ژیاننامەی خۆیاندا وازی بکەن. (ل ٣٧) سـەلاحەدین وەها لەدایک بوو تا ببێتە سـەرکردە ئینجا هەم بارودۆخ و هەم چارەنووس ڕۆڵێکی مەزنیان لە ژیاننامەیدا بینی. سـەلاحەدین خۆی ئەم ڕاسـتیەی زانیوە، ئەویش کاتێک بە نووسەرەکەی، واتە بە ئیبن یاقوب دەڵێ کە "چارەنووس و مێژوو ئاوێزانی یەکدی بوون تا من بکەنە ئەوەی ئەمڕۆ هەم، (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ١٢). هەموو پیاوە مەزنەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەو کەسانە بوون، کە لە ژیانیاندا مجێزبەرز و پڕ ئامانج بوون، سەلاحەدینیش لەوانە ڕیزپەڕ نەبووە. ئەو لەژیانیدا تەنیا یەک تاکە ئامانجی مەزنی هەبووە، ئەویش ڕزگارکردنی

ئۆرشـــەلیم بووە لە چنگی خاچداران و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی ڕاســتەقینەی موســڵمانان لە جیهانی ئیسلامیدا. هەر لەوکاتەی منداڵ بووە، گوێی لە چیرۆکی سامناک بووە لەبارەی ئەلقودسەوە بووە، هەمیشە لە باوکی و لە شیرکۆی مامی چیرۆکی غەمناکانەی لەبارەی چارەنووسی قودسەوە بیســتبوو. ســوڵتان گوێی لەوە بووە کە بەربەرییەکان بڕیاریان دابوو ســەرجەم بڕواداران (بە موسڵمان و جووەکانەوە) بکوژن، ئەوانیان لە دەوری پەرستگا و پەیکەری سولەیمان کۆکردبووەوە و ئینجا ئاگریان لە ئەنواکە بەردا. "ئەوان ویســتیان ڕابردووی شــارەکە بســڕنەوە و هەر خۆیان ئایندەی قودس بنووســنەوە، ئەو قودســەی بۆ هەمووومان دەگەڕێتەوە، بۆ گەلانی خاوەن کتێب" (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣١-٣٢).

لە میانەی ژیانی خۆیدا، ئەو تووشــی زۆر ســەرچڵی پڕ لە ئاســتەنگ و شــەڕوکوشــتاری دژوار بووە، کەچی هێشــتا خۆڕاگر بوو تا لە کۆتاییدا  بگاتە ئامانجی خۆی. ئەو لەو بڕوایەدا بوو؛ "تاکە ڕێگە بۆ هەنگاوهاوێشتن بۆ پێشــەوە لەم جیهانەدا ئەوەیە لە ڕێی ســەچڵیدا هەنگاو بنێی. خۆ ئەگەر هەر لەشــوێنی خۆتدا قەتیس بمێنییەوە، ئەوا خۆرەتاو دەتســوتێنێ و دەمری."(تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٣). بە ڕێنوێنی خواوەندانە و هەلومەجی چارەنووســـدار ســـەلاحەدین بووە ســـەرکردەیەکی ڕاســـتەقینەی موســـڵمـانـان و دەســـەڵاتی خۆی بەهێز و ســـەقـامگیر کرد، ئەوەش لە ڕێی بەیەکەوەگەیـاندنی چەنـدین هۆز و تیرەی لەیەکترازاوی ڕەوەنـدەی جیهـانی عەرەبی و ئەوپەڕی هاوپشــتی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا بەدیهێنا تا مەبەســتەکەی لە ڕزگارکردنی ئۆرشــەلیم بەدیبێنێ. هەروەها ئیبن خەلدونیش بایەخی دەمارگیریی (هاوپشـــتی) بۆ ســـەرکردایەتی ڕوون دەکاتەوە: "ســەرکردایەتی تەنیا لە لەژێر ســەروەرییەکی ڕاســتەقینەدا پەیدادەبێ، ئەو ســەروەرییەش تەنیا لە ڕێگەی هەســتی بەکۆمەڵ دروســت دەبێ. هەر بۆیە پێویســتە ســەرکردایەتیکردن بەســەر خەڵک لە هەســتی کۆمەڵەوە ســەرهەڵبدا، کە باڵاترە لە هەســتی تاکی نێو کۆمەڵەکە بەتەنیا. (ئیبن خەلدون، ل١٠١).

لەگەڵ ئەوەشــدا و لەهەمان کاتدا نموونەیی ســەلاحەدین پەیوەســت بوو بە ڕوونی و ڕاشــکاوی ئامانج و قوڵایی هەر هەنگاوێکی بۆ بەرفراوانکردنی هێزو گوڕی دەســـەڵاتەکەی خۆی. بەگوێرەی ڕای ها. ئا. ئار گیب H. A. R. Gibb (١٩٦٢) بێ، ســـەلاحەدین زۆر باش دەیزانی ئەو کێشـــانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە هەر بەتەنیا ســیاســی نین، بەڵکو کێشــەگەلی ئاکاریی و کلتوریشــن، ئینجا لەپێناو ســەرکەوتن بەســەر خاچداراندا، شتێکی حەتمی بوو هەموو گرووپە سیاسی و هۆز و تیرە ڕەوەندە کۆچەرییەکان لە پشتێنەیەکی هاوپشتی کۆمەڵایەتی (دەمارگیری/عەسەبیەت) و ڕەوشت و پاڵپشــتی کلتووری ئیســلامی شــارســتانێتی (ئاوەدانی /عیمران) یەک بخا. جارێکیان ســەلاحەدین بە ژیاننامەنووســـی خۆی بە بەهائەدینی گوت، ئەگەر هـات و مرد، "ئەوا پێنـاچی ســـەربازەکانی (جەنگـاوەرە ڕەوەنـدەکـانی) جـارێکی دیکە یەکڕیزی خۆیـان بپـارێزن." ئیبن یـاقوبیش کۆتـایی کۆمەڵایەتیەکە بەم شێوەیە باس دەکا:

"قاهیرە و دیمەشـق، باســی بەغداش هەر ناکرێ، پڕن لە ماڵی لەشـفرۆشـی، کە لاوە ڕیشـدارەکان لەوێ هەموو پێویســتییەکانی خۆیان دابین دەکەن، و شــوێنەکان بۆ هەر کەســێکن ســەردانیان بکا.

ئەمەش ڕێگە پێداروە، بەڵام کە ژنان باسی دەکەن، بۆنی میسک لە جەستەی یەکدی بکەن، ئیدی ئەمە وەک ئەوە وایە ئاسمان خەریک بێ بەسەر زەویدا بکەوێ." (تاریق عەلی ١٩٨٨، ل ٩٣).

تەنانەت هەروەک چۆن سولْتان خۆی بۆ ئیبن یاقوب دەگێڕێتەوە، هیچ یەکێتییەک لەنێوان پلەداره جیاجیاکان و چینەکانی کۆمەڵگەی موسڵماندا نەبوو:

"ئاخر چۆن هیچ دینێک دەبێتە تۆمارنامەیەکی تەواو کاتێک ئەو جیاوازییە لە ڕاڤەکردن لەنێوان ڕێزی موسڵمانادا هەبێ؟ با نموونەیەک وەربگرین، شوێنکەوتووانی خەلیفەکانی فاتیمی هەمان ڕێوشوێنی بڕوادارەکانی شوێنکەوتووانی خەلیفەی بەغدایان نییە. هەمان شت بەسەر دینی ئێمە، دینی جولەکەدا پەیڕەوە. کێ حوکم بکا ئەو ڕێسا و قانون دادەنێ. (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ١١٤).

ئەوەی ڕاستی بێ سەرهەڵدانی سەلاحەدین بەند بوو بە هەبوونی توخمگەلی پەروەردەی و ژیاری (عمران/ئاوەدانی)ی ئیسلامی لە کەسایەتی خۆیدا. ئاخر ئەو هەمیشە ڕاستگۆ و بەتەواوی دڵسۆزڕەفتار لەئاست یار و نەیاردا دڵسۆز مایەوە. هامیلتۆن گیب Hamilton Gibb یش لە کتێبەکەی خۆی بەناوی لێکۆڵینەوەیەک لە شارستانێتی ئیسلامدا (١٩٦٢)دا پەسنی سەلاحەدین دەدا بەوەی تەنانەتی ئەو لەگەڵ خاچدارانیشدا ڕاستگۆیانە ئاگربڕی ئاگربڕ بووە. لێرەدا هیچ نموونە و تۆمارێک لەبەردەستدا نییە، کە سۆز و بڕوای خۆی شکاندبێ، بەڵکو ئەو زۆر توند بووە لەگەڵ ئەوانەی سۆز و بڕوای خۆیان شکاندووە، وەک ئەوەی ڕینۆی کاتیلۆن Reginald of Chatillon و سوارچاکانی پەیکەر لێی فێر بوون.(گیبن ١٩٦٢، ل ١٠١). لەوەش پتر هەروەک گیبن ئاماژەی بۆ دەکا، ئەو پاشایەکی بەخشندە بوو، هیچ بایەخێکی بۆ پارە دانەنابوو، ئەو داهاتی میسری بۆ بەدەستهێنانی سوریا خەرج دەکرد، هی سوریاشی بۆ میزۆپۆتامیا، ئەوەی میزۆپۆتامیاش بۆ گرتنی فەلەستین. (هاملتن ١٩٦٢، ل ١٠٤).

**کەوتنی ئۆرشەلیم و سەرهەڵدانی سەلاحەدین**

بەگوێرەی غادە هاشم تەلحەمی (١٩٩٦) بێ، لەنێو شارە پیرۆزەکان لە ئیسلامدا هەمیشە ئۆرشەلیم شوێنێکی پیرۆزی لای موسڵمانان هەیە، کە وەک چەقی گەردوونی و یەکێتیی بیروباوەڕیان لێی دەڕوانن. بۆ جووەکانیش ئەو شوێنە پیرۆزەیە، کە موسا فەرمانی بە میللەتەکەی خۆی کرد بۆی بڕۆن و لێی بژین؛ لەکاتێکدا کریستیانەکانیش بڕوایان وەهایە، کە عیسا لەسەر خاکەکیدا ڕۆیشتووە هەر لەوێش لەخاچ دراوە و هەر لەوێش هەڵساوەتەوە بۆیە بووەتە پیرۆزترین شوێنی بۆ پەرستن. پیرۆزییەتی ئۆرشەلیم بۆ موسڵمانان لە ڕێی سروش و هەڵکشانەوە لە قورئانی پیرۆزەوە هاتووە، کە پەیوەستە بەو گەشتە شەوانەیەی محەمەد پێغەمبەر لە مزگەوتی حەرامەوە لە مەککە بۆ مزگەوتی ئەقسا لە ئۆرشەلیم، یان لای پەیکەری سولەیمان، ئەمەش ساڵێک بەر لە کۆچکردن (٦٢١ی زایینی) بووە، ئەو شەوڕەوەی بە ئیسراومیعراج ناسراوە. تەنانەت بەر لە کۆچکردن بۆ مەدینە لە ٦٢٢ی زایینی، محەمەد پێغەمبەر لەکاتی نوێژکردندا ڕووگەکەی ئۆرشەلیم بووە، بەم شێوەیە بەشوێن دابونەریتی جووەکاندا دەڕۆیشت تا ئەو کاتەی ئەللا فەرمانی پێکرد ڕووی خۆی بۆ مەککە وەربگێڕێ. لەوەش پتر، غادە هاشم تەلحەمی (١٩٩٦) دیسان ئەوە دەنووسێ؛ گۆڕینی

ڕووگە(قیبلە) هەوڵێک بوو لە لایەن محەمەد پێغەمبەرەوە بۆ ئەوەی هەردوو دینە پێشـــووەکەی ئیبراهیمی لەیەک جیابکاتەوە و ئۆرشـــەلیمیش ئاراســـتەیەکی ئایندە بۆ خۆی وەربگرێ. کەواتە، ئۆرشـەلیم هەر لە ڕۆژگاری زووەوە لە ویژدانی موسـڵمانانەدا نەخشـی هەبووە، سـەڵاحەدینیش لەو بڕوایەدا بووە تا ئەوکاتەی لەدەسـتی بێبڕوایان دەرنەهێنرێ، ئەوا جیهانی ئیسـلامی بە فراژیی خۆی نامێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشـــدا ئۆرشـــەلیم بەر لە شـــالاوی خاچدارەکان نموونەیەکی ناوازەی مەڵبەندێکی لێبوردەیی ئیسلام بوو. بەگوێرەی مستەفا ئەلحەیاری Mustafa Hiyari (١٩٩٠)، زانا ناودارەکەی ئەندەلوس، ئیبن ئەلعەرەبییش لە کتێبەکەی خۆی (رحلة)دا ئاماژە بە ئۆرشەلیم دەدا وەک ژینگەیەکی لەباری زانســـت و زانیاری، ئەمەش لەوکاتەی لەوێ بابەتی بۆ کتێبەکە کۆکردووتەوە، ئەوکاتەی لە ١٠٩٣ی زاینیندا تێیدا ئاکنجی بووە. لەوێدا کۆڕ و مێزگردی گەورە زانایانی موسـڵمان و دەمەتەقێی شـایسـتەی پیاوانی ئایینی لەنێوان موسـڵمان و جوولەکە و کورسـتیاندا هەبووە (بڕوانە مسـتەفا ئەلحەیاری ل١٣١). : سـەڵاحەدین هەر خۆیشـی بڕوای بە هێزی زانین بووە، قسـەی نەسـتەقیشـی لەبارەوە هەیە: خەون بینی و بیزانی باشترە لەوەی نوێژ بیکەی هیچ نەزانی (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ١١)، ئەمەش ســـەلماندویەتی کە لە ماڵباتی ئەودا بوار و دەرەتانی هزر و بیرکردنەوە چەند فراوان بووە.

تاریق عەلی لە میانەی کتێبەکەی سەڵاحەدین (١٩٩٨) دا ئاماژەی بە جیاوازی یەکلاکەرەوەی نێوان شارستانێتی کریستیان و موسڵمانان داوە، هەروەها دژە ڕوانینە ئەوروپییەکەشی لەبارەی کلتوری ئیســـلامی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت نیشـــان داوە. لە ١٠٩٩، ئەوکاتەی پەلاماردەرە فەرەنگییەکان دیوارەکانی ئۆرشـەلیمیان گەمارۆدا، بۆ ئاکنجییەکانی شـارەکە سـامناکترین ڕۆژگار بوو. خاچداران لە حوزەیرانی ١٠٩٩زاییندا لە دیوارەکانی ئۆرشـــەلیم نزیکبوونەوە و بۆ نزیکەی چل ڕۆژ ئابڵوقەی ئۆرشەلیمیان دا. هەر بەگوێرەی مستەفا ئەلحەیاری(١٩٩٠) ئەوان لە ١٥ی تەممووزی ١٠٩٩دا بەسەر شـــارەکەیان دادا، ئەوســـا کوشـــتوکوشـــتاری شـــارەکەی بەدواداهات. ئەوان زیاتر لە حەفتا هەزار کەسیان لە خەڵکەکەی ئەوێ کوشت و ئۆرشـەلیمی موسـڵمان لە سـەرجەم ئاکنجییەکانی بەتاڵ کرا (مستەفا ئەلحەیاری ١٩٩٠، ل١٣٨).

بەپێچەوانەی کلتوری سـیاسـی ئیسـلامی کە لەسـەر بنەمای هاوپشـتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز (دەمـارگیریی) ڕۆنرابوو، کەچی کلتووری ســیاســی فەڕەنگی (ئـاوەدانی/عیمران) وەک لاواز پەرەنەســـەندوو نیشـــان درا بەوەی خاوەن ســـۆز و قســـەی خۆیان نەبوون و زۆرجاریش بۆ ســـوودێکی دونیایی ناپاکییان لە هاوپەیمانەکانیان کردووە. ئەوان هەر بەڕاســـتی هەســـتی دەمارگیرییان لەنێو ڕیزی پلەدارەکانی خۆیان لەدەســـتدابوو، وەک شـــیرازەترازاو وەک کەســـانی دژبەیەک لە ڕەفتار و گفتارە کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکانیان دەرکەوتن. هەرچەندە هەردوو پاشـای ئینگلســـتان و فەڕەنگســـتان لە پاپاوە بانگەوازیان بۆ کرا، بەڵکو لەشـــکر و هێزەکانیان یەکبخەن و شـــەڕەفی خاچدارەکان بکڕنەوە (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٣٢١)، کەچی ئەوان هێشـــتا لەســـەر یەک پرسیش یەکانگیر نەبوون. لە سەرێکی دیکەوە، هەرچی سەڵاحەدین بوو پەیوەندییەکی هاوئاهەنگی

لەگەڵ هێزی سەربازی و ڕاوێژکارە سیاسییەکان هەبوو، هەمووشیان یەک بانگەوازیان هەبوو؛ "سەرباز و تیرهاویژ و شمشێربازیان لەسەرتاپای قەڵەمڕەوییەکە بۆ ئەو پرسە لەیەک کۆببنەوە." (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٢٣٥). سوڵتان بە میرزادە و دەرباری خۆی گوتبوو، کە "ئەو ڕێسا سادەیەی (دەمارگیرییە) یەکەمین ڕۆژانی بیروباوڕیان بیردەخاتەوە" (تاریق عەلی، ١٩٩٨، ل٢٣٦). تاریق عەلی ئاماژە بەوە دەکا، هەستی ئەو هاوپشتییە قووڵەی نێو سەربازانی سەلاحەدین بەهۆی هەستی دەمارگیرییەوە بوو، چونکە ئەگەر ئەوان لە ڕاونانی فەرەنگ لە ئۆرشەلیم (ئەلقودس) سەربکەون، ئەوا ئەو لەشکرەی پێکی دەهێنن لەتەواوی مێژوودا یاد دەکرێتەوە.(تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٢٣٩). هەروەک تاریق عەلی لەسەر زمانی سوڵتان سەلاحەدینیشدا دەگێڕێتەوە: "ڕیچار لاینهارتی (شێرِدڵ) و پاشای فەڕەنگستانیش هەرگیز لەنێوان خۆیان ڕێکنەدەکەوتن و ڕقوکینەی نێوانیان تادەهات لەگەڵ یەک توندتر دەبوو، تا ڕادەیەک بەسەر خواستیان بۆ زاڵبوون بەسەر ئێمەدا سەرکەوت" (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٤٨). وەنەبێ شالاوی خاچداران هەر لەنێوخۆیاندا ناتەبابووبن، بەڵکو ستراتیژێکی سیاسیی ڕوونیشیان بۆ ئەرکەکەیان لە وڵاتی پیرۆزدا نەبوو.

ئیبن یاقوبیش باسی ئەوە دەکا، زۆر لە شۆفارەکان(سووسەکاران)ی فەرەنگ زانیارییان لەبارەی کورتهێنی نەبوونی هاوپشتی لەنێوان سوپای ئینگلیزدا هەبوو. کاتێکیش ڕیچارد بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکانی وڵاتی پیرۆز جێدەهێڵێ، زۆر لە لۆردە فەرەنگییەکان نێردەیان بۆ لای سەلاحەدیندا نارد، "نامرادانە داوای پارێزگارییان لە سەلاحەدین دەکرد بۆ ئەوەی لە دژی یەکدی بیانپارێزێ (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٣٤٨). لەوەش پتر، ئامانجی سەرەکی ڕێچارد گەڕانەوە بوو بۆ ئینگلستان تا تەخت و تاجەکەی لە دەست برا ڕکابەرەکەی ڕزگار بکا. هیچ کام لە سەرکردەکانی لەشکری کرستیانی مجێزبەرزیی دینیی خۆیان بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی وڵاتی پیرۆز نیشان نەدا. کەواتە تاریق عەلی هاودژی نێوان جیاوازییە کلتوری و سیاسییەکانی نێوان شارستانێتی موسڵمان و ئەوروپییەکان نیشان دەدا و بەتوندیش گوتنەکانی مەڵبەندە ئەوروپییەکان لەبارەی مێژوی موسڵمانان ڕەتدەکاتەوە و هەڵوێستی دژە دەستوەردان نمایش دەکا.

سەلاحەدین دوای گرتنەوەی ئۆرشەلیم لە ئۆکتۆبەری ١١٨٧دا، بە جوامێرترین شێوەی ژیانی خۆی دەجووڵێتەوە، ئاخر ژیانی نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کریستیانی ڕزگار دەکا، هەروەها لە ڕێی پەیمانێکی ئاشتیشدا گەڕانەوەیەکی سەلامەتیان بۆ مسۆگەر دەکا. بەڕەهاییەوە، ئەو لە پێگەیەکدا بوو بەدوای تۆڵەکردنەوەی خۆیدا بگەڕێ، بەڵام وەهای نەکرد، چونکە باوەڕە ئیسلامییەکەی فێریکردبوو دلۆڤان و لێبوردە بێ. لە پەیامێکی بۆ یەکێ لە سوارچاکانی فەڕەنگی بەناوی بلیان، ئەوەی بەبیردەهێنێتەوە: بە خەڵکەکەی خۆت بڵێ، ئێمە ئەو ڕەفتارەتان لەگەڵدا ناکەین کە پێشتر ئێوە کاتێ بۆ یەکەم جار شارەکات گرت، کردتان... ئەوان ئەوەم بەبیردەهێننەوە هەموومان بڕوامان بە چاو بەچاو و دان بەدان هەیە." (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣١١). سوڵتان سەلاحەدین ئەوپەڕی لێبوردەیی بەرامبەر ژن و منداڵە کریستیانەکان بەکارهێنا و بە بلیانی ڕاگەیاند ئەو خەڵکەکەی خۆی هێورکردۆتەوە و پێیگوتون ئێمە هەمومان ئەهلی کتێبین و شارەکەش بۆ هەموو ئەوانەیە کە بڕوایان بە کتێبەکە هەیە. "بە ژنەکانتان بڵێ ئازادان تەنانەت ئەگەر نەتوانن پارەی فدیەی خۆشیان بدەن...

بلیان کەوتە چۆک و دامێنی کەواکەی ســـەلاحەدینی ماچ کرد" ٠تاریق عەلی ١٩٩٨، ل٣١١). "ئەوەیە هێزوگوڕی سولتانەکەمان، تا ڕادەیەک هەر هەواڵی نزیکبوونەوەی ئەو دوژمنی دەتۆقاند. ئەوان خۆ نەچووبوونە جەنگ، بەڵکو لەبری ئەوە کشـــابوونەوە نێو ســـەربازگەکەیان" (تاریق عەلیی ١٩٩٨، ل٣٣٤). تاریق عەلی زۆر خاسیەتی باش و چاکی سەلاحەدینی گێڕاوەتەوە. "هەرگیز وچانی نەدەدا. ئەو شـەوانە زیاتر لە دوو یان سێ سـەعات زیاتر نەدەنوسـت... ئەو پەنجا سـاڵ بوو، بەڵام وەک ئەوەی بیست ساڵان بێ، ئاوا سەربازەکانی دەبردنە نێو گۆڕەپانی جەنگ، شمشێرەکەی بێ باک لە جیهان بەرزدەکردەوە. هێشـتاش دەمزانی کە ئەو زۆر لەبارەی پێگەی لەشـکرەکەی نیگەرانە... ئەو هەمیشـە سـەری بەرز ڕادەگرت. ئەو حەزی بە پیداهەڵگوتن نەدەکرد و گوێی خۆشـی لە ئاسـت پەسندانی زیادەڕۆی کەڕ دەکرد، کە بووبووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانی قەڵا. هەمیشە بە خۆشییەوە ئەرکی ئەوانی دیکەی ڕادەپەڕاند. (تـاریق عەلی ١٩٩٨، ل. ٣٣٦). لێ خۆی ئەوە میتـافیکشـنێکی پۆسـتمێدێرنەیە، ئاخر دەقەکە خودی قسـەکەی خۆی لەباریەک دەترازینێ کاتێک تاریق عەلیی نووسـەر دەنووسـێ کە سـەلاحەدین "لاوازییەکی زۆری بۆ قەرەواشـەکانی هەبوو." (تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٣٦). نووسـەر چەمکی ڕۆژئـاوایی بۆ حەتمیبون و ڕۆڵی چـارەنووس بۆ ڕوخـانی موسـڵمانان لەباریەک هەڵدەوەشـێنێ و ئاماژە بەناتەبایی و کورتهێنی دیسـپلین وەک هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ شکەستەکەیان دەکا. سەلاحەدینیش هەمان ڕوانین لەگەڵ ئیبن یاقوب دەگۆڕێتەوە کە دەڵێ:

"ئەوەی ئێمە لێی تێناگەین ئەوەیە، هیچ سـەرکەوتنێک بەبێ شـکسـت نابێ. تەنانەت داگیرکەرە مەزنەکانیش مێژوش تووشـی ژانوناسـۆری پاشـەکشـە بوونە. ئێمە بۆ لێبڕاوی و سـەقامگیری کورتهێنین. هەر تەنیا دوای چەند شـکسـتێکی کەم ورەمان دادەبەزێ، گیانمان لاواز دەبێ و دیسـپلینمان نامێنێ. تۆ بڵێی ئەوە لە ئەسـتێرەکانمان نووسـرابێ؟ تۆ بڵێی ئێمە هەرگیز نەگۆڕێین؟ ئەرێ بێبەزەیی قەدەر وامان لێدەکا بەردەام ناسەقامگیر بین؟ باشە لە ڕۆژی پەسلاندا چۆن وەڵامی جوبرائیل بدەینەوە کاتێک لێمان دەپرسـێ: "هۆ شـوێنکەوتووانی محەمەد پێغەمبەر، ئەرێ بۆچی لەکاتی زۆر تەنگانە، لەڕووبەڕووبونەوەی دوژمندا خۆتان هاوکاریی یەکدیتان نەکرد؟" تاریق عەلی ١٩٩٨، ل ٣٣٨).

تاریق عەلی بە لەدەرگەدانی فرەڕوانگەیی پۆتسـمۆدێرنە چیرۆکی سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەقرێژ دەکاتەوە، هەوڵدەدا موسـڵمانان لە تیرۆرزم و توندوتیژی جیابکاتەوە. تاریق عەلی شـارسـتانیەتی ئیسـلامی (ئـاوەدانی/عیمران) وەک کلتورێکی یەکجـار ئـاڵۆزوبڵۆز دەخـاتەڕوو، کە بەتەواوی لە بەدحاڵیبوونەکەی میدیـای خۆرئـاوایی جیـایە و هەروەهـا لە ڕوانینی هینتگتن جیـایە بەوەی گوایە موسڵمانەکان لەڕوی کلتوری سـیاسـییەوە کورتهێنن. ڕۆمانی کتێبەکەی سـەلاحەدین لە نووسـینی تاریق عەلی وێنای دژەڕوانینی ئەورووپیانە دەکا و ئەوە دەخاتە ڕوو، کە موسـڵمانەکان لێبوردە و ئاشتیخواز و خاوێن و ناجنسین، ئەمەش کاتێک بە کریستیانەکان بەراورد دەکا لەوەی شەڕانگێز و ناڕاستگۆ پیس و لەڕووی هزریشـەوە لەخوار ئاسـتی موسڵمانان بوون. ئەوەی ڕاسـتی بێ ئەرکی بژارکردنی بۆ مێژووی کۆلۆنیال کردوە و هەوڵیداوە کێشـمەکێشـمی گوتاری بەردەوامی ڕۆژئاوا

لەبارەی ئیسلامۆفۆبیا بخاتەڕوو، دیاریشە نیگەرانە لەو پەیوەندییە هەنووکەییەی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین. هەر بۆیە بە مەبەستی ڕۆژگارێکی دیاریکراو لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دەهێنێتەپێشەوە، ئەوکاتەی موسڵمان و جوو لە پەیوەندی ئاشتییانەی خۆیاندا بوون و هەوڵیش دەدا دابڕسێتە بیرۆکەی هاوپەیمانێتی جوو. کریستیان بەوەی حاڵەتێکی سەقامگیری مێژوویی هەبووە، ئینجا کار بۆ توندوتۆڵبوونی پەیوەندییە نەریتییەکانی جوو-ئیسلام دەکا. لەوەش پتر، هاوپشتییەکی گەورەی نێوان موسڵمان و جوو لەدژی خاچدارەکان نیشان دەدا. ئیدی تاریق عەلی لە ڕێگەی نیشاندانی ئەم وێنانەوە ئاوڕێکی ڕەخنەئامێزانە لەو ڕەوشە هەنووکەیەی ئێستای ئیسرائیل و فەڵەستین دەداتەوە و کێشەکە وەک پرسێکی کۆلۆنیالی نیشان دەدا، لەوەی تێکگیران و ململانێیەکی ئایینی بێ لەنێوان موسڵمان و جوودا.

لە دووی ئۆکتەبەردا ساڵیادی ڕزگارکردنی ئۆرشەلیمە لەدەست خاچدارە کاسۆلیکەکان و بە بەشداریکردن لەو بۆنەیەدا، سەلاحەدین بووەتە هێمایەکی مێژوویی سەرکرایەتییەکی مەزن. هەرچەندە زۆر کەس لەو بڕوایەدان، کە یادکردنەوەی بیچمە مەزنەکانی مێژویی وەک سەلاحەدین لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەی ئاوەدانی /عیمران (شارستانیەتیان) لاوازە و لەڕووی سەربازیشەوە کورتهێنن وەک عەرەب شتێکی باوە. هەندێکیش بۆیە یادی دەکەنەوە تا قەرەبووی ئەو ژانوناسۆرەی ئێستا تێیدان بکەنەوە زۆر لە ئەوانی دیکەش بەدوای سەلاحەدینێکی نوێدا دەگەڕێن تا ڕزگاریان بێ لەدەست ئەو دارسانە ئاسایشاپرێزییەی لەلایەن ڕۆژئاواوە لە بەرانبەریان وەستاوە. مێژووش سەلماندوویەتی هەر کاتێک شارستانێتی ئیسلامی تووشی ڕۆژی تەنگانەی خۆی هاتبێ، ئەوا لە ڕێی شۆڕەسوار و جوامێرێکی وەک سەلاحەدین پارێزراون ئەو کاتەی بە خاسیەتە جوان و زێڕینەکانی دژی زوڵموزۆر و چەوساندنەوەی وەستاوەتەوە.

## ئەنجام

تاریق عەلی لە ڕۆمانی کتێبەکەی سەلاحەدیندا سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئەیوبی لەژێر سایە و سەرکردایەتییەکی بەهێزی وەک سەلاحەدین و کەوتنی کریستیانەکان لە ئۆرشەلیم نیشان داوە. ئەو لەڕێی ڕەچەڵەکە ڕەوەندییە/کۆچەرییە کوردییەکەی خۆی سەرکردایەتی جیهانی عەرەبی کرد و ئۆرشەلیمی لەدەست خاچدارەکان دەرهێنایەوە، ئەمەش لەڕێی یەکخستنی عەرەب و ئافراندنی هەستێکی بەهێزی دەمارگیری/عەسەبیەت (هاوپشتی کۆمەڵایەتی) لەنێوانیان. ئەفسانەی سەلاحەدین و لەنێو گوتاری ئەورووپی و بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە پاڵەوانێکی جوامێریەوە بۆ جەنگاوەرێکی کەمۆ و فێڵزان گۆڕاوە، هەرچەندە نەشتوانراوە لە بەهای بایەخی ئەفسانەی شەڕی خاچدارەکان کەم بکرێتەوە. بەلارێدابردنی کەسایەتییە مێژوویەکان لە ئەدەبی پۆستمۆدێرن بەگشتی و بەشێوەیەکی تایبەتیش لە میتافیکشنی مێژووییدا شتێکی زۆر باوە. نمایشکردنی تاریق عەلی بۆ پاڵەوانێکی موسڵمان خۆی دەبێتە گرفت ئاخر ئەو لەو میتافیکشنەکەی سەلاحەدین وەک پیاوێک

بەخۆی و ئامانج و کەسایەتییەکی بەرزەوە بەڵام بە لەرووی هەوەسبازییەوە ئاستنزم نیشان دەدا. تاریق عەلی، سەلاحەدین وەک پیاوێک پڕ لە گۆبەند و چێژیی مرۆیی نمایش دەکا، بەڵام بەژنوباڵای هێشتا هەر بەرزە چونکە ئامانجەکەی بەوپەڕی شکۆ و ئاوەزەوە بەدیهێنا. لەمەش زیاتر هەڵوێستە چاکەکارییەکەی لەگەڵ نەیارەکانیدا، نەخاســـمە لەگەڵ کریســـتیانەکان ئەوا خەســـڵەتە مێژووییەکەی کردبوویە پاڵەوانێکی ئەفســـانەیی. هەر بەڕاســـتیش گرتنەوەی ئۆرشـــەلیم ناوناوبانگی ئەوی لەدوای عومەری خەلیفەی دووەم گەیاندە لوتکە، عومەریش ئەو کەســـــە بوو لە ٦٣٧ی زاییندا بۆ یەکەمین جار دەستی بەسەر ئۆرشەلیمدا گرت. هەموو ئەو سەرکەوتنە مەزنە ئەستەم دەبوو ئەگەر هاتبا و ســـەلاحەدین ماخۆی خاســـییەتەکانی خەلدونیانە بۆ ســـــەرکردەیەکی مەزن نەبوایە و هاوپشـــتی کۆمەڵایەتی (عەســـەبیەت/ دەمارگیری)لەنێو هۆزو تیرە ناتەبا و پەرشـــوبڵاوەکان و دەســـتەو تاقمی خانەوادەی ئەیوبی بەدینەهێنبا. هەروەها کتێبەکەی ســـەلاحەدین بایەخی مێژووی و ئایینی شـــارە پیرۆزەکەی ئۆرشەلیم، کە بەگشتی بۆ هەرسێ ئاینە ئیبراهیمییەکان و بەتایبەتیش بۆ ئیسلام گرنگ بوو، گەڕاندەوە؛ هەروەها ئەو ململانێیە سیڤۆڵیە بە ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین گرێدەداتەوە. دووبارە دەستبەسەرداگرتنەوەی ئۆرشەلیمی داگیرکراو دیسان پێویستی بە سەلاحەدین ئەیوبییەکی دیکە هەیە، خۆ ئەگەر ئەو هاوپشتییە کۆمەڵایەتییە (عەسەبیەت/دەمارگیرییە)ش لە لایەن موسڵمانان نەیەتە دی، ئەوا ئامانجی پەرستن لە مەسجیدی ئەقسا هەرگیز بەدینایەت.

هەر بۆیە ســـەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و و شـــۆڕش و هەرای وڵاتانی ئیســـلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا پەیوەســـــتە بەو هۆشـــــیارییە مێژووییە و ڕۆشـــــنبیرییەی پاش جەنگی خاچدارەکان. بۆ بەدبەختیش خوێندنەوەی ئیسلامی ئێستا، کورد و فارس و تورکی خستۆتە پەراوێز و بەشێوەکی ســـەرەکی هەر عەرەبی کردۆتە چەقی بازنە. ئەو ناتەباییە پەرتەوازەییەی دەوڵەت و دەســـتەو تاقمە ئیسلامییە جۆربەجۆرەکان لە بەرژەوەندی کریستیان و جوولەکەن، ئەوانەی بەیەکەوە و لەژێر یەک ســـەرکردایەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیمانی باکووری ئەتڵەســـی کاردەکەن. دانپێدانانی جورج بۆش لە وتارە ســـــەرۆکایەتییەکەی خۆی لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی ســـــێپتێمبەردا گوتی ئەوەی ڕاســـــتی بێ جەنگی جیهانی لەدژی تیرۆر تۆڵەکردنەوەیەکە لە جەنگی خاچدارەکان و ژیاندنەوەی دیاردەی بەیەکدادانی مێژویی و کلتوری لەنێو شارستانیەکاندا. پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ئەفغانستان شێوەیەکی جەنگی خاچدارانی و پۆستمۆدێرن بوو لەلایەن کریستیانە ڕۆژئاواییەکان و پشـــــتگیری مەعنەوی و ســـــەربازییانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بێ گومان بە قازانجی ئیســـــڕائیل تەواودەبێ لەدژی دەوڵەتە عەرەبییەکان و ڕێکیش لەگەڵ هزری هۆشـــــتیاریی مێژوی و کلتوری قووڵ لەبارەی ئۆرشـــــەلیم دێتەوە، هەروەک چۆن شـــــەڕەکانی ئەو دواییانەی ئەمریکا یارمەتیدەر بوو بۆ ڕوانگەی ڕۆژانەی ئیســـــلامی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. چڕبوونەوەی تەقەکردنی بەکۆمەڵی چەندپاتەوەبوو و ڕشـــــتنی خوێنی تاکەکان بەهۆی ئەو ڕق و کینە و ئەو کێبڕکێیە پەنگاوەی نێوان ئەو هەوادارانەی هەردوو دینە ســـــەرەکییەکانە، ئیدی لەپێناو بەدیهاتنی ئاشـــــتی و ئارامی جیهانی، لەسەر کریستیان و موسڵمانان پێویستە خۆیان لە ڕەگوڕیشە مێژوویە بەیەکدادانە خوێناوییەکان ڕزگار بکەن. وێڕای ئەوەی میتافیکشـــــنەکەی تاریق عەلی دەقێکی خۆهەڵگێڕەوەیە و

لاسـایەکی تەوسـئامێزانەی کەسـایەتی سـەڵاحەدین، ئیدی چەمکی تایبەتییەکەی خۆی لەمەڕ پێگەی مەزنیی موسـڵمانان لەبارییەک دەترازینێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو سـەڵاحەدین وەک هێمایەک بۆ بەیەکگەیشـــتنی رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبینێ و گرفت لە گوتاری مێژووی لەبارەی ســـەڵاحەدین و شـــەڕەکانی خاچدارەکاندا دەبینێ، کە تێیدا ئاراســـتەیەکی فرەڕوانین دەبینێ و هەروەها بە مێژووی پۆستمۆدێرنەی جیهانی ئیسـلامی دەبەستێتەوە. بەکورتی ئەم نووسـینە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەر کاتێک موســڵمانان هاوپشــتی کۆمەڵایەتی (عەســەبیەت/دەمارگیری)ی خۆیان لەگەڵ باشــترین توخمی شـــارســـتانییەت(عیمران / ئاوەدانی)یان دۆڕاند، ئەوا شـــکســـت دەخۆن و بۆڕدەددرێن، هەرکاتێکیش ســـەرکردەیەکی بەهێزیان هەبوو، هاوپشـــتی کۆمەڵایەتی بەدیهێنا و خاســـییەتە ڕاستەقینەکانی شارستانێتی تێدا ڕەنگدایەوە، ئەوا سەرکەوتن بەدیدێنن.